## پێشبرکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک لە 7-11 تاکو 11-11-2005

### وانەی ڕیفراندۆم ... ئاراس نوری

چاودێری پۆل بەدەنگی بەرز: هەستن. .
مامۆستا خۆی دەکات بە پۆل دا و. .
مامۆستا: ڕۆژتان باش فەرموو دانیشن.
مامۆستا لەسەر سوچی لای ڕاستی تەختەڕەشدا دەنوسێ وانەی/3 و لەناوەڕاستیشدا بە گەورەیی دەنوسێ «ڕیفراندۆم».
قوتابیان لەسەر دەفتەری بەردەمیان بەپەلە نوسراوی سەر تەختەکە دەنووسن ئازاد: مامۆستا ئەوە لە کتێبەکەدا لاپەڕە چەندە؟.
مامۆستا: کتێبەکان لابدەن و باش گوێ بگرن، ئەم بابەتە لە کتێبدا نییە. سیروان دەست بەرز دەکاتەوە بۆ پرس لە مامۆستا. . مامۆستا بە سەر ڕاوەشان ڕێگە ئەدات بە سیروان تا قسەکەی بکا.
سیروان: مامۆستا ئەی بۆ تاقی کردنەوەی هەفتەی ئاییندە داغڵە؟
مامۆستا زەردەخەنەیەك دەیگرێ. . گوێ بگرن ئەم وانەیەی ئەمڕۆ تەنها بۆ زانینە، پرسینەوەی لەسەر نییە، ئەمە بۆ زیادکردنی زانیارییەکانتان لە مێژوو دا بەسوودە و بۆ دواڕۆژ بەکەڵکە. با بەم چیرۆکە دەست پێ بکەین و باش گوێ بگرن پرسیار نییە تاکو لێ ئەبمەوە.
(بنار و تەلار دوو کیژۆڵەی خوشکن، هەفتەی دوو سێ جار پێکەوە یاری بە بووکەکانیان دەکەن، بە هەردووکیان 6 بووکیان هەیە، سێ بووك بۆ تەلار و سێ بووك بۆ بنار، لەناو بووکەکاندا بووکێکی گەورەیان تیادەبێ، کە زۆرجاران لە کاتی یاریدا لەسەری بەشەڕ دێن و پێك نایەن لەسەر دابەش کردنی بووکەکان، هەردووکیان ئارەزووی بووکە باڵا بەرزەکە دەکەن، بۆیە هەر کەسەو بووکی خۆی دەبات و بەجیاماڵ و خانەی جیا بۆ بووکەکانی خۆی دروست دەکات.
ڕۆژێك لە کاتی دەستکردن بە یاری بە بووکەکان و لە دابەشکردنی بووکەکاندا لێیان دەبێت بە مشتومڕ وەك پیشەی هەمیشەییان. . بنار دەڵێ:"خۆزگە خۆیان بڕیاریان ئەدا قەت نا ئەگاتنە لای تۆ، تۆ نازانی جلەکانیشیان بگۆڕی. . ".
تەلار دەڵێ:"ئەگەر بووکە گەورەکەت ئەوێت، ئەبێت چوار بووك بۆ من بێ لە وانی تر. . "
ئەمجارە بووکە گەورە دێتە قسە هاوار دەکا؛ "بەس!. گوێ بگرن بنار و تەلار تا کەی نابنە خاوەن بڕیارێکی تەواو و یەکجار بەشمان بکەن؟، ئێوەش بووکەکانی هاوڕێم، من ئێستا یەك بە یەك لێتان ئەپرسم تا بزانم کامتان حەز دەکەن لای کێ بن. . "
بەو شێوەیە بووکەکان هەر یەکەو بڕیاری خۆی ئەدات و داواش دەکەن هەروا بمێننەوە. . قوتابیان ئەو کارەی بووکەکان کردیان بڕیاردان بوو لە چارەنووسی خۆیان، خاوەنی هەمیشەیی خۆیان دەست نیشان کرد. کاری بووکە گەورەکەش کۆکردنەوەی ئەو ڕاپرسییەبوو، کە بووە چەسپاندنی بڕیارێکی گونجاو بۆ هەموو) ) .
ئەمەش ڕێفراندۆم بوو!. کەس پرسیاری نییە؟ زەنگی تەواوبوونی وانەکە لێدرا و مامۆستا زۆر قسەی مابوو بیکا، قووتابیانیش هێشتا لە باسەکە تەواو نەگەیشتبوون، بۆیە بڕیاریاندا وانەی ئاینده خۆیان ڕێفراندۆم بکەن.

نوسینی: ئاراس نوری
٨ / ١٠ / ٢٠٠٣
لەسەر وێبلاگی خۆم بڵاوکراوەتەوە: